گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی ''حاجی قادر''دا

**د. بارزان علی پیرۆت**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
barzan.pirot@uor.edu.krd

**م.ی. ابراهیم محمد ابراهیم**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ibrahim.mohammed@uor.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/١/١٤
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٢/١٨
بڵاو کردنەوە: هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Style, Indian style, linguistic, intellectual and literary characteristics, Haji Qadir's poetry.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.3

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی حاجی قادردا). هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمک و زاراوە و ڕووبەری کارکردن و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە سەبکە لە ئەدەبیاتدا. سەبکی هیندی لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتی (شا ئیسماعیلی سەفەوی) لە وڵاتی ئێراندا سەریهەڵداوە. لە سەرەتای سەدەی دەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی یازدەیەمی کۆچی بۆ ماوەی (١٥٠) سەد و پەنجا ساڵ لە ئێران و هیند و ئاسیای بچوک باوبووە. تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم سەبکە، لە سێ ڕوانگەی (زمانی، هزری و ئەدەبی)یەوە، کاریگەری لەسەر شاعیر و نووسەران هەبووە.

سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی ئەم سەبکە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، لەژێر کاریگەریی ئەدەبیات و شاعیرانی فارسی هاتۆتەناو ئەدەبیاتی کوردی و شاعیرانیش پەیڕەوییان لەم جۆرە سەبکە کردووە، کە ڕەنگدانەوەی سەبکی هیندی لە شیعری شاعیراندا بە گشتی و لای ''حاجی قادر'' بەتایبەت بەرچاو و واتادارە. ئامانجی توێژینەوەکە پێشاندان و دەرخستنی ڕەنگدانەوەی سیما و تایبەتمەندییە (زمانی، هزری و ئەدەبی)یەکانی ئەم سەبکەیە لەنێو شیعرەکانی حاجی قادردا،

بە پشت بەستن بەو بەڵگە و مشتومڕە شێوازییانەی، کە لە دووتوێی شیعرییەکانیدا پەیڕەوی لێکردوون. میتۆدی پەیڕەوکراو لە توێژینەوەکەدا میتۆدی "وەسفی- شیکاری"یە. ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆلینەوەکەدا بەدەستهاتوون، بریتیین لە: دەرکەوتنی هەر سێ تایبەتمەندییە دیارەکەی سەبکی هیندی (زمانی، هزری و ئەدەبی) بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا، لە ڕووی زمانییەوە بەکارهێنانی وشەی نوێ و سادەکردنەوەی زمان و بارگاویکردنی زمان بە پەند و ئامۆژگاری، ڕێژەیەکی زۆری ژمارەی شیعر لای شاعیر، بایەخدانی زۆر بە ناوەڕۆکی شیعری لەسەر حیسابی زمانی شیعری، لەڕووی هزرییەوە بایەخدان بە بێزاری و ڕەشبینی و زێدەڕۆییکردن لە بابەت لە شیعرەکانیدا، لە ڕووی فۆڕمی ئەدەبییەوە بایەخدان بە قالبی شیعری (غەزەل و تاک بەیت) و پاش سەروا و هونەری ڕەوانبێژی (تیلنیشان) لە شیعرەکانیدا.

## پێشەکی:

ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەك، مێژووەکەی بە چەند قۆناغێکی هەڵبەز و دابەزدا تێپەڕیوە و لەسەر یەك ئاواز و ڕێچکە بەردەوامی نەبووە، بە جۆرێك لە سەرەتای پەیدابوونی ئەدەبەوە هەر سەردەم و قۆناغ و ماوەیەك گۆڕانێك یان سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕێچکە و ڕێبازێکی نوێ، گرێتینی بە ئەدەبەکە داوە. دەستپێکی قۆناغی شیعری عەرووزیی کوردییمان دەستپێک بەشێوەزمانی کوردیی ژووروو، هەرلە مەلای جزیریی و ئەحمەدی خانی و شێخ ئەحمەدێ باتێ ... تاد، و لە شێوەزمانی کوردیی ناوەندیش دیارترین و سەرنجراکێشترین قۆناغی مێژووی ئەدەبی کوردی، قۆناغی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمە، ئەویش بە دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی نوێ لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، کە بە قوتابخانەی بابان ناسرابوو، لە نالییەوە دەستپێدەکات، تاکو مەحوی و حاجی قادر و حەریق و وەفایی و صافی...هتد، درێژ دەبێتەوە. دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەردەستی (عەبدولڕەحیم ڕەحمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەکاری) و لەبیستەکان و سییەکانیشدا شاعیران: شێخ نوری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب، قەدریجان، کامران عالی بەدرخان، عەبدوڵلا گۆران ... هتد، بروویان بەو هەنگاوە دا، کە هەکاری لە سەرەتای بیستەکاندا سەرەتاکانی پێکای و دواتر بەیاریدەی ئەو دەستە پیشەنگییەی بزاڤە نوێکارییەکەی شیعری کوردییمان، بزاڤەکە گوڕ و تینێکی دیکەی بەخۆوە بینی، کە بە هەموویانەوە ئەم دواییانە بە قوتابخانەی شیعریی کرمانجی ناوەڕاست ناسراوە.

توێژینەوە و قسەکردنیش لە کرۆکی ئەم قۆناغە جیاوازانەی ئەدەب، توێژینەوەیە لە چوارچێوەی شێواز و شێوازگەری، گومان لەوەشدانییە، کە وازهێنان لە پێڕەوی ڕێباز و سەردەمێك و خۆ خەریککردن بە کاژداماڵین لەژێر ئەدەب و قۆناغی ئەدەبی تردایە. ڕوونکردنەوە و ناسینی ئەم کارتێکردنە لەژێر ئەدەبێکی دیکەدا ئیشی شێوازە، کە سیما و تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی ئەو قۆناغ لە ئەوی دیکە جیادەکاتەوە و مەوداکەی دیاری دەکات. ئەم جۆرەی توێژینەوەیەش لە توێژینەوەی کوردیدا بە چڕی کاری لەسەر نەکراوە و وردەکارییەکانی زۆر ڕوون نین. بۆیە لاکردنەوە لەم بابەتە بایەخ و سەنگی تایبەت بە خۆی هەیە.

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی (وەسفی- شیکاری)یە، لەبەرئەوەی لەسەرەتادا بە ناساندنی چەمک و زاراوەی سەبک و خستنەڕووی سەبکی هیندی بەشێوەیەکی تیۆری خەریکبووین، لە پاشاندا بۆ وردبوونەوە لە سیما تایبەتییەکانی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی حاجی قادردا، نموونەی شیعری و پراکتیککردنی شیعرەکانی، وایکردووە کە سروشتی توێژینەوەکە (وەسفی- شیکاری) بێت.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: لاکردنەوەیە لە بابەتی سەبکی هیندی و ڕەنگدانەوەی بەسەر ئەدەبی کوردیدا، و بەدیارخستنی بنەما تایبەتییەکانی سەبکی هیندی لە هەرسێ ڕوانگەی (زمانی، هزری، ئەدەب)ییەوە لە شیعرەکانی حاجی قادردا.

گرفتی توێژینەوەکە: کەم لاکردنەوەیە لە ڕەنگدانەوەی بنەماکانی سەبکی هیندی لە شیعری شاعیرانی کورد و لە نێویشیاندا حاجی قادری کۆیی. لەم سۆنگەیەوە بۆچوونمان بۆ لێکۆڵینەوەیەی لەم شێوەیە زنەی کردووە و هەوڵدراوە ئەم گرفتە لای لێبکرێتەوە.

## ١.ناساندنی سەبک و سەبکی هیندی

### ١-١. زاراوە و چەمکی سەبک

وشەی سەبک وشەیەکی فارسییە و لە زمانی کوردیدا بە واتای (شێواز) دێت. ڕیشەی ئەم زاراوەیە کۆنە و لە بنەڕەتدا لە زمانی یۆنانییەکانەوە سەریهەڵداوە و "لە وشەی (Stylus)ی گریکی لاتینییەوە هاتووە. هەرچی ستلیۆسە لە زمانی یۆنانیدا بە ئالەتێک دەوترا یان تیغێکی مەعدەنی یان دارێک یان پارچە عاجێک کە لە کۆندا وەک شێوەی قەڵەم دروست دەکرا و لەسەر پارچە مۆمێکی پانکراوە نووسین و وێنەیان پێ دەکێشا" (کاکی، ٢٠٠٨: ١٣). بەمپێیە وشەی ستلیۆس بۆ ئامرازێکی نەخشاندنی وێنە لەسەر پارچە مۆم یان پارچە قوڕ لە شارستانییەتی کۆنی یۆنانیدا بەکارهاتووە. ئەم ئامرازەش بە خودی ئەو قەڵەمە گوتراوە، کە نەخش و نووسینەکانی پێ لەسەر پارچە مۆم و قوڕەکاندا نەخشێندراوە. هەندێجاریش بەدەر لەمە بە مانای "قەڵەمی ئاسن هاتووە، کە لاتینییەکان وەکو خوازەیەک بۆ مانای هەڵکۆڵین یان شێوەی نووسین بەکاریان هێناوە. بە تێپەڕبوونی کات زاراوەکە مانای ڕەوانبێژی و شێوازگەری وەرگرت. تا وایلێهات بەو ڕێگە تایبەتییە دەوترا کە نووسەر بۆ دەربڕین بەکاریدەهێنا" (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٣-١٤). کەواتە بە تێپەڕبوونی کات وشەی (Stylus) بۆ واتا و مەبەستی ئەدەبی سودی لێبینراوە و تا ئەمڕۆ ئەمە درێژەی هەیە.

لە نێو توێژینەوە ئەدەبییەکانی پەیوەست بە شێواز لە نێو کورددا (سەبک) بەکاردەهێندرێت، وەک چەمکێکی نوێ پێشتر لای نەتەوە ڕۆژئاواییەکان سەریهەڵداوە. بەڵام خودی وشەکە لە کۆندا لە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی یۆناندا هەبووە (محەمەد، ٢٠١١: ٤٣). زاراوەکە هەر لە زووەوە لە نێو پانتایی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکانی ڕۆژئاوادا سیما و ئەرکێکی ئەدەبییانە هەڵدەگرێت و ئەم سیما و ئەرکەش بە هەمان شێوە لە ڕۆژهەڵاتیشدا دەرکەوتووە .

سەبارەت بە زاراوەی (style) لە "زمان و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتدا بە (سەبک) ناسراوە، بەتایبەتی لای ئێرانییەکان" (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٤). لەوێوە ئەم زاراوەیە بەبێ دەستکاری هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، کە ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا فارسییە، و لە زمانی فارسیدا "سەبک لە بەرانبەر وشەی (style) بەکاردێت، بە شێوازناسیش (Stylistic) دەگوترێت (سبک شناسی)" (خەلیل، ٢٠١١: ٧٨). دواتر وشەی (سەبک) لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە لە نێو لێکۆڵینەوەی شێوازگەرییەکانی کوردیدا زۆر بەکاردەهێنرا و لە ئێستاشدا بووەتە بەکارهێنانێکی زاڵ لەلای کورد. خودی زاراوەکە لە زمانی عەرەبیدا (اسلوب)ی پێدەگوترێت و لە زمانی فارسیدا (سبک) و لە زمانی کوردیشدا (شێواز). لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)ی (هەژار موکریان)دا بە واتای "شکل، تەرح، ڕاهاتن، هیئت، قافیە" (موکریانی، ١٣٢٩: ٥٠٢) و لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)دا لە بەرانبەر وشەی (style) هەریەکە لە وشەکانی "شێواز، ئەدگارێکی جیاواز، ڕوخساری گشتی، جلوبەرگی مۆدیل" (ناوخۆش، ٢٠٠٣: ٣٣٣)ی بۆ بەکارهاتووە. ئەم چەمکەش لە نێو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتدا و بەتایبەت لە شێوازگەریدا "ڕێگە و ڕێبازێکە نووسەر بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بۆچوونەکانی و جیاکردنەوەی نووسەرێک لە نووسەرێکی دیکە بەکاری دەهێنێت" (پیرۆت و محمد، ٢٠١٩: ٣٥٤) و ئەوە بووتە هۆی ئەوەی شێوازی هیچ نووسەرێک، وەک شێوازی نووسەرێکی دیکە نەبێت، چونکە شێوازی ئەدەبی ئەو ڕێگەیەیە نووسەر پەیڕەوی لێدەکات و لە ڕێگەیەوە دەتوانین، وەک پێناس و شوێنپێی نووسەر لە دەقدا چاوی لێبکەین. دواجاریش ئەم شێوازەی نووسەر لەسەری ڕاهاتووە و دەڕوات دەبێتە شەقڵە لێکجیاکەرەوەکانی لە نووسەرانی دیکە. بەمەش شێواز بریتییە لە پێناسی نووسەر و بەرهەمەکانی. هەر لە ڕێگەی شێوازەکەوە هەم نووسەر و هەمیش بەرهەمەکانی لە نووسەر و بەرهەمی نووسەرانی دیکە جیادەکەینەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢.١- پێناسەی سەبک

سەبارەت بە پێناسەکردنی (سەبک) یەک پێناسەی گشتگیرمان نییە، کە شێوازناسان و شارەزایانی بوارەکە لەسەری ڕێککەوتبن، بەڵکو پێناسەکان بۆ سەبک هەم ژمارەیان زۆر و هەمیش لە ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە کراون. بەشێکیان پەیوەستدارن بەوەی شێواز ڕێگە و ڕێبازێکە و پەیوەستە بە خودی نووسەرەوە و لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. بۆیە دەشێت بۆ هەر نووسەرێک شێوازێکی تایبەتیمان هەبێت. لەلایەکی دیکەوە زۆر نووسین لەسەر شێواز لەلایەن لێکۆڵەرە ئەدەبییەکانەوە و ئەم لێکۆڵەرانەش لە گۆشەی جۆربەجۆرەوە لە شێوازیان ڕوانیوە و بە هۆکارێکی دیکەی زۆری پێناسەکان بۆ شێواز و شێوازگەری دادەنرێن (پیرۆت و محمد، ٢٠١٩: ٣٥٤) و تەواوی پێناسەکانیش پەیوەستن بە قوتابخانە شێوازگەرییەکانەوە و ڕوانین بۆ شێواز لە هەرسێ ڕوانگەی (نووسەر، تێکست و خوێنەر)ەوە هۆکاری زۆری پێناسەکردنەکانی شێوازن.

(بیفۆن) دەڵێت: "شێواز بریتییە لە خودی مرۆڤ" (شمیسا، ١٣٧٣: ١٨). ئەم پێناسەیە لە ڕوانگەی نووسەرەوەیە و شێواز بەتەواوی بە نووسەرەوە بەستراوەتەوە. بەپێی ئەم پێناسەیەی (بیفۆن) بێت، دەشێت بۆ هەر نووسەرێک پێناسەیەکی شێوازمان هەبێت. (فلۆبێر) بۆ پێناسەکردنی شێواز دەڵێت: "شێواز شێوەی بینینە" (شمیسا، ١٣٧٣: ١٨). واتە لای ئەو دەکرێت شێواز ئامرازێک بێت بۆ دەربڕینی دیدی نووسەر بۆ هەستکردن و لێکدانەوەی جیهانی دەوروبەر، بە مانایەکی دیکە شێواز ئاماژەیە بۆ ڕوانگە و خەیاڵ و تێڕوانینی داهێنەرانەی نووسەر، کە تەنیا پەیوەندی بە هەڵبژاردنی وشە یاخو زمانی نووسینەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو جیهانبینینەوە هەیە، کە نووسەرێک دەربارەی پرس و بابەتەکان لە دووتوێی دەقەکانیدا بەیانی دەکات. هاوکات (ئەمرسن) دەڵێت: "شێواز دەنگی بیری نووسەرە" (شمیسا، ١٣٧٣: ١٨) ئەم پێناسەیەش هەمدیس لە دیدی نووسەرەوە و بە خودی نووسەرەوە بەستراوەتەوە .

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچی (عەبدولقاهری جورجانی)یشە دەڵێت: "شێوەی نووسین، یان شێوەی دارشتنە، یان شێوەی هەڵبژاردنی وشە و ڕێکخستنی وشەیە بۆ دەربڕینی مانا و مەبەستی ڕوونکردنەوە و کارتێکردن" (شێخ ساڵح، ١٩٢٦: ٢٣). واتە بەبۆچوونی (جورجانی) شێوەی نووسین و دارشتنی دەق و ڕێکخستنی کەرەستە زمانییەکان، جۆری دەق، و شێوازی دەق ئاراستە دەکەن. تەواوی ئەم تایبەتمەندییانەش دەنگی نووسەر نما دەکەن و سیما تایبەتییەکانی ئەدیب دەردەخەن، چونکە "شێواز شێوەیەکی تایبەت بە دەقی ئەدەبی دەبەخشێت لە ڕووی فۆرم و واتا و ئەو شێوە تایبەتەش پەیوەستە بە چۆنییەتی بیرکردنەوەی ئەدیب بە بابەتەکانەوە" (بهار، ١٣٨١: ١٦). لە نێو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا هەوڵەکەی (شێخ نووری شێخ ساڵح) بە یەکەم هەوڵی شێوازناسی دادەنرێت و (شێخ نووری) سەبارەت بە پێناسەی شێوازیش دەڵێت: "اسلوب بەو تەرزی مەخسوسی بەیانە دەڵێن کە هەر خەتیبێك یاخود هەر موحەرڕێك ئەوەی لە دەماغیایەتی، ئیفادەی دەکات، هەموو خەتیبێك مالیکی تەرزێکی مەخسوسی بەیانە" (گەردی، ١٩٧٩: ٩). هەروەك دەبینین شێخ نورییش شێواز بە نووسەرەوە دەبەستێتەوە و لە ڕوانگەی نووسەرەوە دەڕوانێتە شێواز. هەروەها (عەزیز گەردی) بەم جۆرە پێناسەی شێواز دەکات، پێیوایە: "شێوازی نووسین بریتییە لەو ڕێ و شوێن و ڕەنگ و ڕوخسارەی کە نووسەر لە نووسیندا هەیەتی. ئەویش جۆری بیرکردنەوە و هەست و سۆز و گوداز و وشەبازی و دارشتنێکی وشە و هەرشتێکی دی دەگرێتەوە، کە پەیوەندی بە نووسەر و نووسینەکەیەوە هەبێ" (عەبدولا، ٢٠١٢: ١٢). بەشێوەیەکی گشتی پێناسەکەی عەزیز گەردی دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی، کە چۆنییەتی نووسینی کۆی ئەو دەقانەی نووسەر بەرهەمی دەهێنێت شێوازی نووسەر دەخاتەڕوو. کەواتە ئەویش نووسەر دەکاتە سەنتەر بۆ تێڕوانین لە شێواز.

(حەمەنوری عومەر کاکی) لە ماستەرنامەکەیدا بەناوی (شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا) دەڵێت: "شێواز بریتییە لە ڕێگایەکی تایبەت کە نووسەر یا شاعیر بەهۆیەوە لە دارشتنێکی تایبەت بەخۆی و زمانەکەیەوە، بیرەکانی پێ دەردەبڕێت" (کاکی، ٢٠٠٨: ٢٦). لێرەدا ئاوڕ لە ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێواز دراوەتەوە. سەبارەت بە گەیشتن بە پێناسەیەکی تەواو دەگەینە ئەو ڕاستییەی شێواز لە شیکردنەوە یان لە پێناسەیەکی کامڵ و گشتگیردا نابینرێت، چونکە شێواز دەنگی نووسەر خۆیەتی، هێندەی لێ نزیکە دەکرێت بگوترێت: (شێواز خودی نووسەرە). هەندێک جاریش شێواز وەچەی سەردەمە، ئەو سەردەمەی، کە نووسەر تێیدا دەنووسێت، چونکە شێواز بەکارهێنانی کۆمەڵێك وشە و زاراوەیە لەلایەن نووسەرەوە، کە تایبەت بەو قۆناغ و سەردەمەیە کە نووسەر تێیدا دەژیت.

### ٣.١- سەبکی هیندی و هۆکارەکانی دروستبوونی

ئەدەبیات ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی ڕۆژگاری خۆیەتی. لە هەر قۆناغێکدا ئەدەبیاتی ئاوێنەی کۆمەڵگە و ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەیە. ئەمەش پەیوەستە بەوەی سانا دەکەوێتە ژێر سێبەر و تەوژمە مێژووییەکانەوە. بۆیە ڕووداوەکانی نێو مێژوو لەو لایەنانەن هەم لە نێو ئەدەبدا ڕەنگدەدەنەوە، هەمیش ڕۆڵیان لە گۆڕینی ئاڕاستەی ئەدەبیاتدا هەیە. هەرچی پەیوەندی بە سەبکی هیندییەوە هەبێت، لەم بابەتە کەنارگیر نییە. لەبەرئەوەی سەبکی هیندیش بەرئەنجامی سەرهەڵدانی قۆناغێکی مێژوویی وڵاتی ئێرانە. کە شوێنی لە قۆناغێکی دیاریکراودا سەرهەڵدانی بریتییە لەم وڵاتە. ئەو قۆناغە مێژوییەش وابەستەی ئەو زنجیرە دەسەڵاتە هەیە، کە سەفەوییەکان جێدەستیان تێدا دیار بووە. دەسەڵات و حوکمڕانی سەفەوییەکان لە ئێراندا، لە زۆر بوارەوە گۆڕانکاری گەورەی دروست کردووە، بە خودی ئەدەبیاتیشەوە. بەجۆرێک هەڵسوکەوت و سیاسەتی سەفەوییەکان ڕۆڵی لە گۆڕینی شێوازی ئەدەبی فارسیدا هەبووە. بۆیە کاتێک باسی سەبکە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبیاتی فارسی دەکرێت ڕاستەوخۆ بە ڕووداوە مێژووییەکانەوە دەبەسترێنەوە. ئەم ڕوانینە بۆ سەبکی هیندیش دروستە. چونکە زەمەنی هاتنەکایەی سەبکی هیندی پەیوەستە بە هاتنەسەر دەسەڵاتی (شا ئیسماعیل سەفەوی)یەوە. ماوەی باوبوونی ئەم سەبکە لە سەرەتای سەدەی دەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی یازدەیەمی کۆچی بۆ ماوەی (١٥٠) سەد و پەنجا ساڵ لە ئێران و هیند و ئاسیای بچوک بڵاوبووەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش وابەستە دەکرێت بە هاتنە سەر حوکمی سەفەوییەکان، کە زۆر گۆڕانکاری هاتنەئاراوە، هەر لە بواری کشتوکاڵ و ئایین (لە سوونە مەزهەبەوە بۆ شیعە مەزهەب) و تا ئەدەبیاتیش بەدەرنەبوو لەم گۆڕانە ڕیشەییە. هاوکات لەبەرئەوەی گروپێک لە تورکەکان هەر لە سەرەتای شۆڕشی سەفەوییەکان بە سەرکردایەتی (شا ئیسماعیل سەفەوی) هاوکاری و پاڵپشتی سەفەوی بوون. بۆیە لە نێو خودی ئەدەبیاتیشدا برەوی زمانی تورکی پەرەی پێدرا (شمیسا، ١٣٧٠: ١٨٩) و لەم دەرچەیەوە وشە و زاراوەی زمانی تورکی خزییە نێو زمان و ئەدەبی فارسییەوە.

سەرهەڵدانی سەبکی هیندی پەیوەستە بە بەستێنی مێژووی دەسەڵاتی سەفەوی لە ئێراندا، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەم تاکو ناوەڕاستی سەدەی دوازدەیەمی کۆچی باوی بوو (رزم ارا، ١٣٨٤: ١٧٤). هەر لەبەر ئەمەش بەشێک لە لێکۆڵەران، ئەم سەبکە بە سەبکی (سەفەوی) ناودەبەن، کە سیاسەت و فەرمانڕەوایی ئەوان هۆی دروستبوونی ئەم سەبکەی ئەدەبیاتی فارسی بوو. هەروەها بەشێکی دیکەی لێکۆڵەرانیش بە سەبکی (ئەسفەهانی) ناوی دەبەن، ئەمەش لەبەرئەوەی لە نێو شاعیرانی ئەسفەهان پەیدابووە نەک هیند، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێک لە ڕابەرانی ئەم سەبکە سەردانی (هیند)یان کردووە، بۆیە بە سەبکی (هیند)ی ناودێرکراوە (انوشە، ١٣٧٦: ٧٩٥ـ٧٩٦). ئەگەرچی ئەم سەبکە لە نێو ئەدەبیاتی فارسی و هیند و ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاستدا کاریگەری خۆی هەبووە و شیعری لەو شێوەیەی سەبکی هیندی نووسراون و بە سەبکی هیندی یان ئەسفەهانی و هەندێجاریش بە سەبکی سەفەوی ناوی هاتووە. بەڵام "سەبکی هیندی نە قوتابخانەیەکی بەتەواوی ئێرانییە و نە هیندی، بەڵکو قوتابخانەیەکی ئەدەبییە" (لنگرودی، ١٣٧٣: ٤٧). کەواتە نابێت لێکۆڵەرانی بوارەکە لە ڕوانگەیەکی باریکبینانەوە سەیری ئەم سەبکە بکەن و بە ناوچەیەکی ببەستنەوە، بەڵکو بەهۆی ئەم پەلهاویشتنەی بۆ نێو ئەدەبیاتی میللەتانی ناوچەکە، پێویستە وەک شێوازێکی گشتی ئەدەبی سەیر بکرێت و لە کونجی ئەدەبیاتی میللەتێکدا گۆشەگیر نەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم سەبکە، لەدوای سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی و لە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا پەیدا دەبێت و برەو دەسەنێت و تانوپۆکەی تەواوی ئەدەبیاتی فارسی و هەتا پاکستان، تاجیکستان و ئەفغانستانیش دەگرێتەوە، بە چەشنێک ماوەی زەمەنی ئەم سەبکە، تاکو ناوەڕاستی سەدەی دوازدەیەمی کۆچی بەردەوامی هەبووە (لنگرودی، ١٣٧٣: ٤٧). ئەدەبیاتی فارسی لە قۆناغی سەبکی هیندیدا لە ئەدەبیاتی، وەکو سەبکەکانی خۆراسانی و عێراقی جودابووەوە و تاڕادەیەکیش ڕەوتی ئەدەبی فارسی لەم قۆناغەدا بەرەو نوێبوونەوە ڕۆیشتووە، بەتایبەتی لە ناوەڕۆکی شیعریدا. ئەویش بەهۆی گۆڕینی مەزهەبی ئایینی لە ئێراندا، لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا ئەم وەرچەرخانە ڕوویداوە. کەواتە گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سەفەوییەکانەوە، گۆڕینی مەزهەبی لە سونەگەرییەوە بۆ شیعەگەری بەخۆوەبینی (تاج خاتونی، ١٣٩٣: ١٦٦ـ١٦٧)، کە هۆکارێکی گرنگی دروستبوونی سەبکی هیندییە. سەردەمی سەفەوییەکان زەمینەی سەبکی هیندی لەبار دەبێت، چونکە سەردەمی جێگیربوونی دەسەڵاتی سیاسییە، وێڕای ئەوەی سیاسەتی سەفەوییەکان شێوەی شیعر دەگۆڕێت و زۆر بایەخ بە شیعر و شاعیر و تەنانەت شیعری عیرفانی نادەن و بایەخدانی ئەوان تەنیا لایەنی شیعری مەزهەبی شیعەگەری دەگرێتەوە و ئەویش ئەو شیعرەی، کە ستایشی ئیمامەکانی شیعە بکات (خەلیل، ٢٠١١: ٦٤). هەر لەبەر ئەمەشە گۆڕان لە سەردەم و دەسەڵاتی سیاسی، گۆڕان لە ئەدەبیات لە سەبکی عێراقی بۆ سەبکی هیندی لێدەکەوێتەوە. کەواتە لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی سەفەوییەکان سەبکێکی نوێ لە ئەدەبی فارسیدا دروست دەبێت، ئەویش سەبکی هیندییە. هاوکات لەگەڵ دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا، باوی شاعیرانی دەربار نامێنێت و شاعیران لەبەر نەتوانینی پەیداکردنی بژێوی ژیانیان ڕوویان لە هیند کرد، چونکە تا ئەوکاتەش لە هیند شاعیرانی دەربار برەویان مابوو. دواتر ئەم شاعیرانە بۆ وڵاتی ئێران گەڕاونەتەوە. ئەم تێکەڵییە و ئاوێتەبوونیان بەتایبەت لەگەڵ ئەدەبیاتی هیندیدا، وایکرد تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی فارسی لەو کاتەدا جۆرێک لە گۆڕانی سەبک بەخۆوەبگرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(شمیسا، ١٣٧٠: ١٦٨). ئیدی بەرەبەرە ئەم شێوە سەبکە تازەیە لە نێو ئەدەبیاتی فارسیدا پەرەدەسەنێت و بۆ ماوەی نزیکەی (١٥٠) ساڵ دەبێتە سەبکی زاڵ لەنێو ئەدەبیاتی فارسیدا .

لەلایەکی دیکەوە سوانی سەبکی عێراقی بە هۆکارێکی دیکەی دروستبوون و هاتنەکایەی سەبکی هیندی دادەنرێت، چونکە لە دوای سەبکی عێراقی لە ڕووی مێژووییەوە سەرهەڵدەدات. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر سەبکی عێڕاقی باو دەبێت و شاعیران لە بازنەی یەک سەبکدا دەخولێنەوە و زۆرتر لاساییکردنەوە دێتە ئاراوە، تەنانەت شاعیرانی ناوداری، وەک (سەعدی و حافز)یش. بە سوانی سەبکی عێراقی سەبکەکە بەرەو کزی ڕۆیشت. بەمەش زەمینە بۆ سەبکێکی دیکە لەبار دەبێت و سەبکی هیندی پەیدا دەبێت. بەپێچەوانەی سەبکی عێراقی، کە زۆرتر خۆیان مژوڵی هونەرئارایی ڕەوانبێژی کردبوو لەپاڵ بابەتە غەزەلی و عیرفانییەکانەوە، سەبکی هیندی زیاتر خەریکی سازکردن و باسکردنی ناوەڕۆکی نوێ بوو (شمیسا، ١٣٧٠: ١٧٠)، چونکە لە هەوڵی ئەوەدابوون واتای خۆی بخەنە نێو بەرهەمە ئەدەبییەکانیان.

### ٤.١ تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی

ئەم سەبکە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، جیایدەکاتەوە لە سەبکەکانی دیکە (خۆراسانی و عێراقی). لێرەدا لەسەر ئەو بنەما و شێوازگەرییەی (سیروس شمیسا) دایهێناوە، تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی دەخەینە بەرباس. ئەو تایبەتمەندییانەی شمیسا لەمەڕ سەبکی هیندی لە هەرسێ ڕووی (زمانی، ئەدەبی و هزری)، بەم شێوەیە:

#### ٤.١.١ لە ڕووی زمانییەوە:

زمانی شیعری لە سەبکی هیندیدا، بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری وشەی تورکییە. تەنانەت هەندێک لە شاعیرانی فارسی سەر بەم سەبکە لەو سەروەختەدا بە زمانی تورکی شیعریان نووسیووە. ئەمەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆرتر پەیوەست بووە بە دەستڕۆیشتوویی دەسەڵاتی بنەماڵەکانی تورک، هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی سەفەوییەکان تا کۆتایی هاتنی دەسەڵاتیان. ئەم کاتەش پەیوەستە بە باوبوونی سەبکی هیندی لە ئەدەبی فارسیدا (خەلیل،٢٠١١: ٤٦)، لەپاڵ ئەمەشدا دەرکەوتنی وشەی نوێ لە زمانی شیعری سەبکی هیندیدا سیمایەکی جیاکەرەوەی دیکەی سەبکەکەیە. هەروەها بەهۆی هاتنەناوەوەی زمانی تورکی بۆ نێو زمانی شیعری فارسی و نووسینی شیعر لەلای شاعیرە فارسەکان بە زمانی تورکی ڕێگەی دروستبوونی هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمانی خۆشکردبوو، بۆیە هەڵەی زمانی لەم سەبکەدا سیمایەکی دیاری سەبکەکەیە (غلامرضایی، ١٣٨١: ٢٣٢). سادەیی زمانی شیعری، سیمایەکی دیاری شیعری سەبکی هیندییە، لەلایەکی دیکەوە سەرقاڵبوونی توێژە جۆربەجۆرەکان بە ئەدەبیاتەوە، کە پێشتر سەروکاریان لەگەڵ ئەدەبیاتدا نەبوو، هۆکارێکی بەهێزی سادەکردنەوەی زمانی شیعری ئەم سەبکەیە (شمیسا، ١٣٨٦، ٢٨٧)، هەم خەڵکی بە سانایی لە شیعری سەبکی هیندی تێدەگات و هەمیش نووسینی شیعری سەر بەم سەبکە دژوار و قورس نییە. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە خەڵکی دوور لە ئەدەبیاتیش خەریکی ڕێکخستن و بەشداریکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە بوونە، هەمیش لەو سەردەمەدا چەند قاوەخانەیەکی پەیوەست بە شیعر و ئەدەبیات دروست ببون (رزم ارا، ١٣٨٤: ١٧٧-١٧٨) .

سیمایەکی دیاری دیکەی ئەم سەبکە لە ڕووی زمانەوە، بریتییە لە بەکارهێنانی پەند و ئامۆژگاری و قسەی حەکیمانە لە شیعردا (خەلیل، ٢٠١١: ٤٦) ئەم دیاردەیە لە سەبکی هیندیدا زۆر بەرچاوە و بەشێک لە ئەرکی شیعری ئەم سەبکە پەند و ئامۆژگاری لە خۆیدا هەڵگرتووە. هەموو ئەم سیما زاڵانەش هۆکاری سادەکردنەوەی زمانی شیعری ئەم سەبکەن، کە بووەتە خەسڵەتێکی دیاری تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٤-٢. لە ڕووی هزرییەوە:**

ئەم سەبکە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی هزرییە. یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی لە ڕووی هزرییەوە، بریتییە لە دوربوون لە ئەدەبیاتێکی پڕ شۆخ و شەنگ و دڵخۆشی. ئەمەش پەیوەندی بەو بارە ناهەموارەوە هەبوو، ئێرانی ئەوکات پێیداتێدەپەڕی، کە تووشی کۆمەڵێک کێشە و جەنگ و ماڵوێرانی و گۆڕانی دەسەڵات هاتبوو. بۆیە بێزاری دەربڕین لە ژیان یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییە هزرییەکانی ئەم سەبکە، زۆرجار شیعری شاعیرانی ئەم سەبکە بە "دەربڕینی بێزاری لە ژیان و پیشاندانی خراپە و جەور و ستەمی دنیا لە شیعرەکاندا، بە تایبەت ڕەشبینی بەرامبەر بە ژیان و دەربڕینی خراپە و ناحەزی و دزێوی خەڵکی خراپ" (کاکی، ٢٠٠٨: ١١٣) دەناسرێـتەوە، بۆیە لایەنێکی شیعری شاعیرانی سەبکی هیندی بریتییە لە بێزاری دەربڕین.

لەلایەکی دیکەوە شیعری سەبکی عێراقی، کە دەکەوێتە پێش سەبکی هیندی ناوەڕۆکی شیعری بە چڕی ڕووە و سۆفیگەری و عیرفانی چووە و ئەم ماڵوێرانی و جەنگ و گۆڕانی دەسەڵات لە سەردەمی (شا ئیسماعیل سەفەوی) و گۆڕانی سەبک لە عێراقییەوە بۆ هیندی، گەلێک لە سیما دیارەکانی سەبکی عێراقی لەنێو سەبکی هیندیدا هەر درێژەیان هەبوو. لەپێش هەمووشیانەوە بیری عیرفانییەت. ئەویش بەهۆی "کۆتایی هاتنی غەزنەوییەکان و بە دەسەڵات گەیشتنی سەلجوقییەکان، کە بە پێچەوانەی غەزنەوییەکان بێگانەبوون لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەب و زمانی فارسی، بازارگەرمی شاعیران و ئەدەبدۆستان بەرەو کزی دەڕۆیشت" (پیرۆت و محەمەد، ٢٠١٩: ٣٥٦). دەبینین دوای سەبکی عێراقیش ئەم بێزاری و بیری خۆبەدەستەوادان و عیرفانییەتە وا بە سانایی کاڵ نابێتەوە و لە سەبکی هیندیشدا ئەم ئەدەبییاتە غەمهێنە هەر درێژەی دەبێت و "بێگومان کارەساتی درێژخایەنی چەند سەدەی بەدوای یەک و ڕووداوی تاڵ و دڵ تەزێن کە بەسەر خەڵکانی ئەم وڵاتەدا تێپەڕ ببوو و هەروا بڵاوبوونەوەی بیری سۆفیگەری ناتوانێت شاعیرانێک پەروەردە بکات لە سەدەی دە و یازدەدا کە شۆخ و شەنگ بن و بێ بایەخ بە هەموو شتێک و گرنگی بە دەرەوەی مرۆڤ بدەن" (خەلیل، ٢٠١١: ٤٩). ئەمە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێڕای ئەوەی لە قۆناغی ئەم سەبکەدا باوی عیرفانییەت و سۆفیگەری نەمابوو، بەڵام ئاسەواری کاریگەریی ئەم عیرفانییەت و سۆفیگەرییە لەنێو هزری ئەدەبیاتی سەبکی هیندیدا هەر درێژەی هەبوو .

سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعری ئەم سەبکە، یەکێک لە سیما دیارەکانی بایەخدانە بە ناوەڕۆکی شیعر نەک زمانی شیعر ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت "شیعری سەبکی هیندی ئەو شیعرەیە، کە گرنگی بە واتا دەدات نەک بە ڕوخسار و شاعیران بایەخ بە واتا دەدەن نەک زمان" (خەلیل، ٢٠١١: ٥٠) بەجۆرێک دەگوترێت لە ڕووی ماناوە "هیچ مانا و مەبەستێک نییە لە جیهاندا، کە لە نێو شیعری شاعیرانی سەر بە سەبکی هیندیدا نەبێت" (شمیسا، ١٣٨٦: ٢٨٩). بەو مانایەی شاعیرانی سەر بەم سەبکە سودیان لە هەموو شتێک بۆ نێو ناوەڕۆکی شیعری وەرگرتووە.

وەک پێشتریش لەوە دواین، شیعری ئەم سەبکە خستنەڕوو و چوونە خزمەتی مەزهەبی شیعە بووە و شیعەگەریش سیمایەکی دیکەی تایبەتمەندی هزری سەبکەکە بوو، هەروەها زێدەڕۆیی، گەرچی لە نێو ئەدەبیاتدا بە گشتی زۆر بەربڵاوە و لە سەبکی هیندیدا سیمایەکی دیاری تایبەتمەندی سەبکەکەیە و بە ئاگاییەوە بەکارهاتووە (شمیسا، ١٣٧٠: ١٨٧) .

پەند و ئامۆژگاری و لایەنی ڕەوشتیش تایبەتمەندییەکی هزری ئەم سەبکەیە و شاعیرانی ئەم سەبکە زۆر گرنگیان پێداوە (غلامرضایی،١٣٨١: ٢٤٧) بۆیە پەند و لایەنی ڕەوشتی لە شیعری شاعیرانی ئەم سەبکەدا بوەتە دیاردە و سیمایەکی دیار و شیعری ئەم سەبکەی پێ لە شیعری سەبکەکانی دیکە جیادەکرێتەوە و جۆرێک لە ئەرکی پەندئامێزی و ڕەوشتجوانی ئادابی پێوە دیارە.

### ١-٤-٣- لە ڕووی ئەدەبییەوە:

لە ڕووی ئەدەبییەوە ئەم سەبکە خاوەنی چەند سیمایەکی لێکجیاکەرەوەیە لە سەبکەکانی دیکە، بۆ وێنە لە ڕووی قالبی شیعرییەوە قالبی شیعری ئەم سەبکە بریتییە لە (غەزەل). وێڕای هەبوونی غەزەل

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە سەبکی عێراقیدا، بەڵام جیاوازی غەزەلی سەبکی هیندی لە غەزەلی سەبکی عێراقی بریتیی بووە لە جۆراوجۆری لە ژمارەی دێڕەکان، کە لە (٥ بۆ ٣٥) دێردا بووە، هەروەها هەر دێڕێکی غەزەلی سەبکی هیندی سەربەخۆیی خۆی لە ڕووی واتاییەوە هەبووە و ئەوەی دێڕەکانی غەزەلی سەبکی هیندی بەیەکەوە دەبەستەوە بریتی بووە لە کێش و سەروا (شمیسا، ١٣٧٠: ٢٧٦) نەک یەکێتی بابەت و ناوەڕۆکی غەزەل. سەروا لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەدا نەیهێشتووە دێرەکانی غەزەل لێکبترازێن و بەیەکەوەی بەستوونەوە. بەهۆی زۆری ژمارەی دێرەکانی غەزەل لە سەبکی هیندیدا، هەندێجار سەروا لە یەک غەزەلدا دووبارە بووەتەوە.

دەبێت ئەوە بڵێین، کە قاڵبە تاکبەیتییەکان، قاڵبێکی دیاری سەبکی هیندیین (شمیسا، ١٣٧٠: ١٨٨). ئەم تاک بەیتانەش زۆرجار لەخۆگری پەند و ئامۆژگاری و حیکمەتێکن، زیاتریش لەبەر ئەم هۆکارەش پەنا برداوەتە بەر قالبی تاک بەیت و تەنانەت هەندێجار پەندی نێو تاک بەیت هێندە کاریگەری دروست دەکات دەبێتە هۆی ونکردنی ناوی شاعیرەکەش. سەروا و پاش سەروا لە تایبەتمەندییە دیارەکانی سەبکی هیندین. ئەنجامدانی هونەری پاش سەروا سانا نییە و پێویستی بە سەلیقە و لێهاتوویی شاعیر هەیە تا ئەم هونەرە، کە مەبەست لێی جوانکردن و بە مۆسیقیکردنی دەقە، مەیسەرببێت. ئەمەش دەرخەری "بایەخدانی شاعیرانی سەبکی هیندییە بە ڕەچاوکردن و دانانی پاش سەروا، کە لە نێو شیعرەکانیاندا، لایەنی بەهێزکردنی ڕوخساری شیعرەکانیان بۆمان دەسەلمێنێ و لەلایەکی تریشەوە باڵادەستی و توانایی شاعیر دەردەخات" (خەلیل، ٢٠١١: ٤٨). لەگەڵ ئەوەشدا دووبارەبوونەوەی وشەی سەروا لە شیعری ئەم سەبکەدا دیاردەیەکی بەربڵاو بووە (شمیسا، ١٣٧٠، ١٨٨).

لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە شاعیرانی ئەم سەبکە "زۆر بایەخیان بە هونەری تیلنیشان داوە" (شمیسا، ١٣٧٠، ١٨٩) وێڕای ئەوەی شاعیرانی سەبکی هیندی زۆر بایەخیان بە وشەکاریی شیعری و زمانی شیعری نەداوە، لەپاڵ بەکارهێنانی هونەرەکانی لێکچواندن و خواستندا (تیلنیشان) لە هونەرە زۆر بەکارهاتووەکانی ئەم سەبکەیە.

زۆری ژمارەی شیعر لەلای شاعیرانی سەبکی هیندی، تایبەتمەندییەکی ئەدەبی سەبکی هیندییە (شمیسا، ١٣٧٠، ١٧٩) ئەمەش زۆرتر پەیوەستە بەوەی لە سەردەمی سەفەوییەکان زۆر قاوەخانە و شوێنی تایبەت بە چالاکییە ئەدەبییەکان کرانەوە و خەڵکی (خاوەن پیشەی جۆربەجۆر) مژوڵی شیعر بوونە بە خوێندنەوە و کۆبوونەوە لە قاوەخانە و شوێنە تازە کراوەکانی پەیوەست بەم چالاکییانە، هۆکاری زۆر نووسینی شیعر لای شاعیران بوونە. هەروەها سادەکردنەوەی زمان لە شیعری سەبکی هیندیدا هۆکارێکی دیکەی زۆری ژمارەی شیعری شاعیرانی ئەم سەبکە بووە. تەواوی ئەو سیما جیاکەرەوانەی تایبەتمەندییە (زمانی، هزری و ئەدەبی)یانەی خرانەڕوو، بە شەقڵی جیاکەرەوەی سەبکی هیندی لە سەبکەکانی دیکە ئەژمار دەکرێن و ئەم تایبەتمەندییانەش بە ڕوونی لە شیعری شاعیرانی سەر بەم سەبکەدا دەبینرێت.

## ٢ .ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی حاجی قادردا

### ٢_١ حاجی قادر و پەیوەندی بە سەبکی هیندییەوە

گومان لەوەدانییە هۆی ئاشنابوونی شاعیرانی کۆنی کورد بە ئەدەبیاتی فارسی و بەتایبەتی بەرهەمەکانی مەولانای ڕۆمی و سەعدی شیرازی و حافز و سەنایی و...هتد، و هەوڵدان بۆ خۆدەوڵەمەندکردن و چاولێکردنیان بۆتە هۆی ڕەنگدانەوەی شێوازی شیعری ڕۆژهەڵاتی و فارسی لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا، بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی سەبکەکانی ئەدەبی فارسی و بەتایبەتی سەبکی هیندی (کە بواری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە)، زۆر بە ڕوونی تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی لە نێو شیعری کۆنی کوردیدا دەبینرێت بەشێوەیەکی بەرفراوان زمانی شیعری کۆنی کوردی لێکچوونێکی زۆری بە سیما زمانییەکانی سەبکی هیندییەوە هەیە. هەروەها ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەم سەبکە لە شیعرەکانی "حاجی قادردا" بەرچاو و واتادارە، کە دواتر بە نموونەی شیعری ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕوون دەکەینەوە.

ڕادەی ئاشنایەتی "حاجی قادر" بە زمان و ئەدەبیاتی فارسییەوە، هۆکاری سەرەکی پەیڕەوکردنی سەبکی هیندییە لای ئەو. خۆ ئەگەر حاجی ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندیش نەبووبێت، لانی کەم تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی لای شاعیرانی فارس درک پێکردووە و ئەو تایبەتمەندییانەش لەگەڵ چەشەی ئەدەبیی شاعیردا کۆک بوونە و کاریان لە حاجی کردووە. بۆیە بە ڕوونی و بە شێوەیەکی زۆر حاجی قادر، وەک شاعیرێکی سەر بە سەبکی هیندی دەبیندرێت. بەهۆی ئەوەی، کە شارەزاییەکی باشی لە زمان و ئەدەبی فارسیدا هەبووە، لە شیعرەکانیدا وشەگەلێکی فارسی ترنجاندووەتە نێو شیعرە کوردییەکانی. ئەمە وێڕای ئەوەی لە کۆی (١٢٦ شیعر)ی دیوانەکەی (١٠ شیعر)ی بە زمانی فارسی نووسیوە. بە گشتی لە کۆی (١١٢٠) دێڕە شیعری دیوانەکەی (١٢٠) دێری بە زمانی فارسی نووسیوە.

کەواتە ڕێژەی نووسینی شیعر بە زمانی فارسی لای حاجی قادر بەم شێوەیە:




هەروەها حاجی غەزەلێکی حافزی شیرازی لەگەڵ شیعرێکی خۆیدا تێکهەڵکێش کردووە، کە بەم دێرە دەستپێدەکات و دەڵێت:

**دەخیلـت بم وەرە سـاقـی، (أدر کـأسـا وناولـهـــا)**

**غەم و غوسسەی دڵم کەم بوو، (ولی افتاد مشکلها)** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٥٥)

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێڕای ئەوەی ئەم غەزەلەی حافزی شیرازی زۆر پێشتر لە (حاجی قادر)، چەند شاعیرێکی دیکەی کورد تێکهەڵکێشی شیعری خۆیان کردووە. لە دیارترینیان (مەلای جزیری)یە.

بە گشتی لە کۆی (١١٢٠) دێرە شیعری دیوانەکەی (١٢٠) دێری بە زمانی فارسی نووسیوە. هەروەها حاجی قادر لە تەمەنی گەنجیدا بۆ ماوەی نزیکەی (١٠) دە ساڵ دەچێتە ئێران "لە هاوینی ساڵی ١٢٧٠ک، لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەدا گەشتێکی خوێندن بۆ ناوچەی باڵەکایەتی دەکات و لە گوندی شێخ وەتمان، لەلای مەلا محەممەدی کاک عەبدوڵڵا دەخوێنن و پاش ماوەیێک، حاجی قادر لە حاجی مەلا عەبدوڵڵای هاوڕێی دادەبڕێ و بە تەنها یی دەچێت بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شارەکانی سەردەشت و سابڵاغ و شنۆ" (شارەزا، ١٩٦١: ٢٠). لەپاڵ ئەوەشدا حاجی ئاگاداری شیعری شاعیرانی فارسی بووە، ئەو تێکهەڵکێشەی غەزەلی حافز بەڵگەی ئەم ئاگاداربوونەیە و لە شیعرەکانیشیدا باسی (فیردەوسی و جامی)یش دەکات. ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن حاجی قادر ئاگاداری ئەدەبیات و شێوازەکانی شیعری فارسی بووە. تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندیش لە شیعرەکانیدا بە ڕوونی هەست پێدەکرێن و بوونەتە شێواز و شەقڵێکی تایبەتی شیعری شاعیر.

## ٢.٢ـ تایبەتمەندییەکانی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی حاجی قادردا

دوای ئەوەی لە حاجی قادر و پەیوەندی بە سەبکی هیندییەوە دواین، لێرەدا ئەو پێوەرە تایبەتییانەی (سیروس شمیسا) بۆ تایبەتمەندی سەبکەکانی شیعری فارسی دایناوە، دەگەڕێین و سیما تایبەتییەکانی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی حاجی قادردا دەخەینەڕوو.

### ٢.٢.١ـ لە ڕووی زمانییەوە:

تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی حاجی قادردا هەم زۆر و هەمیش بە ڕوونی دیارن و هەستیان پێدەکرێت. تێکەڵبوونی وشەی تورکی لە زمانی شیعری سەبکی هیندی سیمایەکی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاری تایبەتمەندی زمانی سەبکەکەیە. لە نێو شیعرەکانی حاجیدا وشەگەلێکی تورکی دەبینین لەوانە: (ئۆین، ئوغلم، قەیسەر، ڕۆم، قەڵا، قران، قورمساغ، یەساغ سوڵتان، خەتا و خوتەن، ... هتد) .

وەک لەم نموونە شیعرانەدا دەردەکەوێت، کاتێک دەڵێت:

**گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن**

**بێگانە چاکە دووشمنی خۆتانە** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٧٩)

**دونیا سەگی لە ئۆغڵمە تۆقیوە تالیبی**

**نەیماوە هەر وەکو سەگی پێ سووتو و ڕاحەتی** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٣١)

**قەسرێکە یەساغی ئەو نیفاقە**

**گەر وانەبێ بابی هەر بە تاقە** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٧٨)

بەرچاو کەوتنی وشەی تورکی لە شیعرەکانی حاجی قادردا، بەشێکی بۆ دوای گەڕانەوەی لە سەفەری ئێران و باڵەک دەگەڕێتەوە، بە یەکجاری ڕوودەکاتە ئەستەنبوڵ و تا کۆتایی ژیانی هەر لەوێ ماوەتەوە و تا ساڵی (١٨٩٧)دا لە ئەستەنبوڵ لە دووره وڵاتیدا کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێ لە بەری (ئۆسکودار) لە گۆڕستانی (قەرەج ئەحمەد) نێژراوە (موکریانی، ١٩٦٩: ٥).

جگە لەمە حاجی زۆر وشەی نوێی لە شیعرەکانیدا باسکردووە، وەکو (ئیفڵ، جریدە، کبریت، ئیکسیر، کیمیا، گۆگرد، ڕۆمان، ژاپۆن، ئەوروپا، ... هتد)، ئەمەش بە سیمایەکی دیکە زمانی سەبکی هیندی هەژمار دەکرێت. وەک لەم نموونە شیعرانەدا دەردەکەوێت، کاتێک دەڵێت:

**قوللەیی ئیفلی لە ئەفلاکە**

**عەکسی ئەو گەردشی لە ژێر خاکە** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٦٥)

**ئەی خەریکی ڕمووز و ناز و نیاز**

**ئەوروپا فەننی گەیشتۆتە ئیعجاز** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٦٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەراو و ئەرزی ئێوە کیمیایە**

**دوورِ و گەوهەر و گەزۆ و مازووی چیایە** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢١٦)

لە ڕووی زمانەوە تایبەتمەندییەکی ئەم سەبکە بریتییە لە (سادەیی زمان). تەنانەت (سیروس شمیسا) بۆ سەبکی هیندی دەڵێت: "زمانەکەی هەمووی زمانی عامیانەیە" (شمیسا، ١٣٧٠: ١٨٩). شیعرەکانی حاجی قادر وێڕای ئەوەی لە یەک سەردەم و یەک ژینگەی شاعیرانی بابانە، بۆنموونە (نالی)، کەچی زمان لای حاجی بەراورد بە نالی بەشێوەیەکی بەرچاو سادەکراوەتەوە و تێگەیشتن لە شیعرەکانی بەراورد بە نالی سانایە و ماندوکەر نییە، ئەمەش پەیوەندی بە سادەکردنەوەی زمانی شیعریی حاجییەوە هەیە و ئەم سادەیی زمانی شیعرەش تایبەتمەندییەکی بەرچاوی زمانی سەبکی هیندییە .

هەروەک حاجی دەڵێت:

**چاوەکەم تۆش پیردەبی و ڕیشت دەبێتە گۆرەوی**

**وەک بفەرمووی من فلانم پێت دەڵێن توخوا هەوی** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢٢٧)

**بەفکرت دێ زەمانێ چووینە باڵەک**

**بە پێخاوسی نە کەوشم بوو نە کاڵەک** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢٠٦)

**ئەمە دنیایە نامێنێ هەتا سەر**

**لە بۆ ئازاو و دانا، حیز و ماکەر** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢٠٧)

لای حاجی بەجۆرێک هەست بە سادەیی زمان دەکرێت بووەتە شەقڵێکی دیاری شیعری ئەو لەو سەردەمەدا. کە ئەمەش دەرخەری ئەو سیما تایبەتییەی زمانی سەبکی هیندییە، کە لای حاجی ڕەنگدانەوەی هەبووە.

لایەنێکی دیکەی سەبکی هیندی لە ڕووی زمانییەوە بریتییە لە زمانێکی بارگاوی بە پەند و ئامۆژگاری و قسەی حیکمەتئاسا. ئەم دیاردەیە لای شاعیر زۆر بەرچاوە و هەندێک لە شیعرەکانی حاجی قادر، وەکو قسەی نەستەق و ئامۆژگاری دەگوترێنەوە. هەروەکو لەم دەقانەدا دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هەتا (وەک ئاگری بن کا)ن لەگەڵ یەک**

**ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە پووشەک** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٦٩)

**ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی**

**موحەققەق دایکی حیزە، بابی زانی**

**وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی**

**تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی**

**سەلاحەددین و نوورەددینی کوڕی**

**عەزیزانی جزیر و مووش و وانی**

**موهەلهەل، ئەردەشێر و دیسەمی شێر**

**قوباد و باز و میری ئەردەڵانی**

**ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت**

**لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی**

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**

**بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی**

**مەلا و شێخ و میر و پادشامان**

**هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٤٨)

حاجی وەک ڕۆشنبیر و دونیادیدە لە زۆر شوێنی نێو شیعرەکانیدا هەست بە پەند و ئامۆژگاری دەکرێت. ئەم هەستەش بەرئەنجامی بینینی وڵاتێکی، وەک عوسمانی و خاوەن زمان و پاراستنی زمان و خاک و بایەخدان بە خوێندن و زمان و نووسین و یەکگرتوویی و بایەخدان بە بەرهەم و ژیانی نووسەرانەوە ناچاری ئەم تەرزە لە زمانە پەندئاسایەی کردووە، کە ئەم تەرزە نووسینە پانتاییەکی بەرفراوانی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیعرەکانیدا داگیرکردووە و هەوڵیداوە بە زمانێکی سادە و تژی لە ئامۆژگاری پەیامەکانی بە خەڵک بگەیەنێت.

**٢.٢.٢. لە ڕووی هزرییەوە:**

یەکێک لە تایبەتمەندییە هزرییە جیاکەرەوەکانی سەبکی هیندی بریتییە لە دووربوون لە ئەدەبیاتێکی پڕ لە شۆخ و شەنگ و دڵخۆشی. شاعیرانی سەر بەم سەبکە لە ئەدەبیاتی فارسیدا بەشێکی دانەبڕاوی ماڵوێرانی و جەنگ و گۆڕانی دەسەڵاتی وڵاتی خۆیانن. لەو کاتەدا لەسەروەختی سەرهەڵدانی سەبکی هیندی و پێش ئەم مێژووەش (سەردەمی سەبکی عێراقی) ئەم ماڵوێرانی و جەنگ و کاولکارییە باڵی بەسەر ئەدەبیاتی فارسیدا کێشابوو. دەتوانین هەمان تایبەتمەندی لە شیعرەکانی حاجی قادریشدا بدۆزینەوە. لای حاجی دۆخەکە پەیوەندی بە ڕووخانی یەک بەدوای یەکی میرنشینە کوردییەکانەوە هەبووە. حاجی دوای ڕۆیشتنیشی بۆ ئەستەنبوڵ و گیرسانەوەی لە ئەستەنبوڵ شێوە و جۆرێکی دیکە لە (خوێندەواری، ڕۆشنبیری، سیاسەت، یەکگرتوویی، یەکڕیزی، ... هتد)ی دیوە و ئەوەی پێشتریش لە کوردستان ئەزمونی کردووە لە ڕووی بابەتییانەوە، ئەوی لە ناخەوە دەجوڵێنێت و جۆرێک لە بێزاری و خەم و نائومێدی لە شیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. زۆرتریش ئەم دیاردەیە لای شاعیر بەرئەنجامی بەراوردی نێوان دیاردەکانی کوردستان و ئەستەنبوڵە لە بیری حاجیدا. هەر لە (خوێندەواری، ڕۆشنبیری، سیاسەت، یەکگرتوویی، یەکڕیزی، ... هتد) لە کوردستان و تەواوی ئەم دیاردانەش لە ئەزمونی ژیانی ئەستەنبوڵ و بینینی هەردوو ئەزمونی کوردستان و ئەستەنبوڵ لای شاعیر نەک هەر شادی و گەشی بە شیعرەکانییەوە نابینرێن، بگرە جۆرێک لە نامۆبوون و غوربەت بەرانبەر بە ژیان و ڕۆژگار دروست دەکات، کە لای حاجی بووەتە سیمایەکی دیاری نێو شیعرەکانی. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ سیمایەکی دیاری سەبکی هیندییە. لە زۆر ڕەهەندەوە دیاردەی بێزاری و خەم لە شیعرەکانی حاجیدا دەبینین . هەروەک لەم دەقەدا دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**من کەسێکم زەمانەیی ناکەس**

**دای بڕیوم لە قەوم و قیلە و کەس**

**هەر منم ئێستا وارسی عیسا**

**بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٧٩)

ئەو گلەی قووڵی لە ڕۆژگار هەیە و بە ناکەس ناوی دەبات، کە دایبڕیوە لە خزم و دۆست و وڵاتی خۆی و زۆر خۆی بە غەریب دەبینێت و لە بێکەسیدا خۆی وەک واریسی پێغەمبەر عیسا"د.خ" دادەنێت. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، وێڕای دووربوون لە خزم و کەس خۆی بەبێ ژن و منداڵ و شوێنی حەوانەوەش دەناسێنێت. بە جۆرێک هەست بە بێزاری لە شیعرەکانی حاجیدا دەکرێت تا دەگاتە ڕادەی حەزکردن بۆ مردن. هەروەکو دەڵێت:

**هەموو عومرم لە ڕێی هات و نەهاتی**

**بەسەر چوو ئەی ئەجەل هەر تۆ نەهاتی** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٣٠)

سیمایەکی دیکەی تایبەتمەندی هزری لە سەبکی هیندیدا بریتییە لە بابەخدان بە ناوەڕۆک لەسەر حسابی زمان. حاجی لەو شاعیرانەیە زۆر پێش شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی ناوەڕۆکی شیعرەکانی لە باسکردنی خەت و خاڵ و ڕازاندنەوەی یار بژارکردووە و لە بەرامبەردا بابەتگەلێکی دیکەی سەردەمی خۆی ترنجاندووەتە نێو شیعرەکانییەوە. بەجۆرێک دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی سادەکردنەوەی زمان لای حاجی، پەیوەستە بە دەربڕینی ناوەڕۆک و پەیام و مەبەستە شیعرییەکانی . زۆر بابەتی گرنگ و پەیوەست بە سەردەمی خۆی وەک (نەخوێندەواری، یەکنەگرتن، سیاسەت، ڕۆشنبیری، ... هتد) بوونەتە هەوێن و ناوەڕۆکی شیعری شاعیر. بۆ نموونە لەم دەقەدا دەڵێت:

**هەتا (وەک ئاگری بن کا)ن لەگەڵ یەک**

**ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان بە چووشەک**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لە گوێی گا نووستوون بۆیێکە ڕێوی**

**لەسەر ئێوە وەها شێرگیرە وەک سەگ** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٦٩)

لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت**

**بێ بەهرە، لە خوێندن و کیتابەت**

**بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی**

**ئەسراری کتێبی خەڵکی زانی** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢١٩)

ئەم جۆرە لە ناوەڕۆکە، کە سیمایەکی پەرۆشی و خەمخۆری پێوەدیارە، لە ڕووی هزرییەوە تایبەتمەندییەکی شاعیر و دواجار سەبکی هیندییە.

زێدەڕۆییش تایبەتمەندییەکی ئەم سەبکەیە لە ڕووی هزرییەوە. حاجی لە شیعرەکانیدا زێدەڕۆیی لە خستنەڕووی زۆر شتدا کردووە. بە گشتی زێدەڕۆیی لە ئەدەبیاتدا زاڵە و زۆر بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشان و جوانتر و گەورەتر لە خۆی و پیشاندانی دیاردەکانە بۆ خوێنەر. هەروەکو دەڵێت:

**میللەتێ بێ کتێب و بێ نووسین**

**غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢١٩)

**هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت**

**بێ بەهرە، لە خوێندن و کیتابەت** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢١٩)

ئەوەی زۆر ڕوونە ئەوەیە باروزروفی سەردەمی کوردستان لە سەردەمی حاجی قادر لە نێوان ساڵانی (١٨١٥-١٨٩٨)دا لە ڕووی ڕێژەی خوێندەوارییەوە زۆر کەم بووە. هەرچەندە کوردەکان بەراورد بە زۆر میللەت لەبەر باروزروفی تایبەتی خۆیان زەمینەی خوێندن و نووسین لەبار نەبووە، بەڵام حاجی ئەم بابەتە وا وێنا دەکات، کە ئەوە تەنیا میللەتی کوردە لە نێو تەواوی میللەتانی دیکە نەخوێندەوار و بێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نووسین ماونەتەوە. لێرەدا زێدەڕۆیی هەیە. مەگەر لەو ڕوانگەیەوە حاجی ئەوە بڵێت، کە خوێندەوار و نووسەرەکانی کورد لەوسادا زۆرتر بە زمانی بێگانە، نەک زمانی کوردی نووسیویانە و خوێندویانەتەوە.

لە ڕەهەندێکی دیکەوە حاجی دەیەوێت لە ڕێگەی زیادەڕۆییەوە وەسفی (مانگ) کە مەبەست لێی (یار)ە، جوانتر نیشانی بدات. هەروەک دەڵێت:

**بۆ قەسری وەسفی ئەو مەهە میعماری فیکرەتم**

**وەستاوە کوللی لەحزە بە خۆی و کەرەستەوە** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٠٠)

هەمدیس زێدەڕۆیی لەم وەسفەشدا دەبینرێت، ئەگین حاجی شاعیرێکی هێندە دەستەوەستان و بێ بەهرەی وەسف نەبووە لە بەرانبەر وەسفی یارەکەیدا وەها کزۆڵ دابمێنێت (بە خۆی و کەرەستەی وەسفئارایی)ەوە نەتوانێت ئەم وەسفئاراییە بە کۆتا بگەیەنێت. خودی خۆ دەستەوەستان پیشاندان لەمەڕ وەسفکردنەوە بریتییە لە زێدەڕۆیی و بە بەرزتر و جوانتر پیشاندانی یار.

وەک پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، کە ئاوڕدانەوە لە پەند و ئامۆژگاری لەلای حاجی قادر بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەبیندرێت و زۆرجار وەکو ئامۆژگاریکەر دەرکەوتووە. ئەمەش لە ڕووی هزرییەوە سیمایەکی دیاری تایبەتمەندی هزری سەبکی هیندییە  وەک حاجی قادر دەڵێت:

**چاوەکەم تۆش پیر دەبی ڕیشت دەبێتە گۆرەوی**

**وەک بفەرمووی من فلانم پێت دەڵێن توخوا هەوی** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢٢٧)

شاعیر ڕووی لە گەنجە و ئامۆژگارییان دەکات لافی گەنجی لێنەدەن و ئەمڕۆ گەنجن و سبەی ئێوەش وەها پیر دەبن و ڕوخسارتان دەگۆڕێت خەڵکی نەتانناسێتەوە. لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**بۆچی فەرمویەتی نبی والامین**

**((اطلبوا علکم ولو بالصین))**

**نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە**

**گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نیە**

**تۆ وەرە فەننێ فێربە چیتە لەوە**

**کاورە، هیندووە وەیاخۆ جوو**

**لازمە خول بخۆی وەکوو بەرداش**

**هەموو قەڕنێک دەگۆێ ئەمری مەعاش** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٦٥ـ١٦٦)

لەم چەند دێرەدا هاندان بۆ خوێندن و فێربوون تێدایە بێ جیکاری و جیاوازییە بە ڕەگەزیشەوە، فەرمودەیەکی تێکهەڵکێشی شیعرەکەی کردووە، وەک پشتڕاستکەرەوەیەکی ئایینی و بەم فەرمودەیە بۆچوون و ئامۆژگاری بۆ ئافرەتان دەردەبڕێت و هانی گەنجان بۆ خوێندن و هونەر و فێربوون دەدات. پەند و ئامۆژگاری لە شیعردا سیمایەکی دیاری تایبەتمەندیی هزری سەبکی هیندییە و حاجیش لەو شاعیرانەیە پەند و ئامۆژگاری لە شیعرەکانیدا زۆر بەچاو دەکەون.

**٢ـ٢ـ٣ـ لە ڕووی ئەدەبییەوە:**

وێڕای هەبوونی چەندین سیمای تایبەتمەندی (زمانی و هزری)ی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی حاجی قادردا، لە ڕووی (ئەدەبی)یشەوە سیماکانی تایبەتمەندی ئەدەبی سەبکی هیندی لە شیعرەکانی حاجیدا دەرکەوتون. سیما ئەدەبییەکانی سەبکی هیندی زۆرتر لە ڕووی فۆڕمی شیعرییەوە بەدیار دەکەون. لە ڕووی قالبی شیعرییەوە هەردوو قالبی (غەزەل) (کە درێژەپێدەری سەبکی عێراقییە بە شێوەیەکی دیکە) و قالبی (تاک بەیت)ن. هەردوو قالبی (غەزەل) و (تاک بەیت) لە دیوانی حاجیدا قالبی زاڵن. قالبی (غەزەل) لە دیوانەکەیدا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە. شیعری **(بە شەستی زوڵف و ڕووی ماهی وەکوو ماهی گرفتارم)** نموونەی وردیی غەزەلە لای حاجی. بڕوانە: (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٧٠ـ٧١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە غەزەلەکەوە دیارە، هەم لە ڕووی فۆڕمەوە (٧ دێر) و هەمیش لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (خۆشەویستییە). نێو دیوانەکەی لەم جۆرە شیعرانەی زۆر تێدا هەن، کە قالبی غەزەلن و بە تایبەتمەندییەکی ئەدەبیی سەبکی هیندی دادەنرێن.

هەروەها حاجی لە دیوانەکەیدا (٢٠ تاک بەیت)ی هەیە، کە (١٧ تاک بەیت) بە زمانی کوردی و (٣ تاک بەیت) بە زمانی فارسین. ئەمەش چەند نموونەیەک لە قالبی تاک بەیتی حاجی قادر:

**تۆ خۆش دەبەزی ئەسپی بەزینت پێیە**

**من ناگەم بە تۆ ئەسپی بەزینم پێیە** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢٢٧)

**سوخرەیی جیننی تەبیعەت سوخرەیی عالەم هەڵا**

**وا سولەیمان دێتەوە کۆتر فڕینت پێ دەکا** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢٢٦)

**چاوەکەم تۆش پیر دەبی ڕیشت دەبێتە گۆرەوی**

**وەک بفەرمووی من فلانم پێت دەڵێن توخوا هەوی** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢٢٧)

**شب سەشنبە بیست از ماە اخر**

**هزار و دو صد و هفتاد و شش در** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٢٢٨)

(پاش سەروا) سیمایەکی دیکەی تایبەتمەندی ئەدەبی سەبکی هیندییە، هونەری پاش سەروایە، یەکێکیترە لەو هونەرە شیعریانەی لەگەڵ هاتنی سەبکی عێراقیدا دەبێتە هونەرێکی باو و جێی گرنگیپێدانی شاعیران بووە و لە شێوازی پێشتر، کە سەبکی خۆراسانییە هونەری پاش سەروا کەم بەکارهاتووە و ئەم هونەرە لە سەبکی هیندیشدا سیمایەکە دیاری تایبەتمەندی ئەدەبی سەبکەکەیە. پاش سەروا "کەرەستەیەکی سەربەخۆیە جیایە لە سەروا، دوای تەواوبوونی سەروا دێت، چونکە شیعرەکە لە بارەی کێش و ماناوە پێویستی پێ هەیە. پاش سەروا بە هەمان مانا لە کۆتایی هەموو دێرەکاندا دووبارە دەبێتەوە" (الرازی، ١٣٧٣: ٢٣٥).

پاش سەروا یەکێکە لەو ڕەگەزە شیعرییانەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب (فارس، کورد و تورک ...) و غەزەل و قەسیدەی عەرەبییان پێ موتوربە کردووە (گەردی، ١٩٩٩: ١٦٣). هەروەها (کدکنی) لای وایە "پاش سەروا هەمیشە ڕەگەزێکی دیار و ئاشکرای شیعری فارسی بووە و لە ژێر کاریگەری شیعری فارسی کەوتووەتە ناو شیعری زمانانی تری وەکو عەرەبی و تورکی" (گەردی، ١٩٩٩: ١٦٣). حاجی قادریش ئەم هونەری پاش سەروایەی لە شیعرەکانیدا زۆر بەکارهێناوە. لە کۆی (١٢٦ شیعر) کە (١١٢٠ دێرە شیعرە) لە (١٢٠ دێرە شیعر)دا پاش سەروای داناوە، ئەو کەرەستەکانی بوونەتە پاش سەروا بریتین لە (دەکا، نەکا، خۆت، نەبوو، هەیە، دەبێ، دادەنێ، نمی کنی). هەروەک لەم نموونانە دەردەکەوێت. هەروەک حاجی دەڵێت:

**تا لە مەکتەب ئەو مەهەم دی مەشقی ئەلف و بێ دەکا**

**چاوەکەمم بوویتە دوێت و گریە سورخی تێ دەکا** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٥٢)

**ئەو فەلەک ڕیفعەتە هەر لەحزە نیقابێکی هەیە**

**کێ دەزانێ وەکوو من خانەخەرابێکی هەیە** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٢٣)

ڕێژەی هونەری پاش سەروا لە شیعرەکانی حاجی قادردا بەم شێوەیەیە:



ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها دووبارەبوونەوەی وشەی سەروا لای حاجی بەرچاو دەکەوێت. ئەم دیاردەیە لای حاجی (٧ جار) ڕوویداوە. ئەمەش لایەنێکی نەرێیی سەروایە لای شاعیر. بۆ نموونە لە شیعری (لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم)دا سەروای دێری ژمارە (٧ و ٨) یەک وشەیە ئەویش (سەیران)ـە، کاتێك دەڵێت:

**لە پێشا خاکی مە لانەی پڵنگ و شێری ئازا بوو**

**ئەمێستا مار و مێرو و، گورگ و ڕێوی لێی دەکەن سەیران**

**لە کوێ ما نەعرەتەی تەقلە و جلیت و ڕمب و ڕمبازی!**

**لە کوێ ما دەنگی زوڕنا و دەهۆڵ و شایی و سەیران** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٨٣)

هەروەها شاعیر لە شیعری (ڕۆستەمی مازەندەران) کە خۆی (٧ دێر)ە، (٣ جار) لە دێڕەکانی: (یەکەم، دووەم، چوارەم)دا وشەی (کردەوە)ی کردووەتە وشەی سەروا، بڕوانە (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١١٨).

ئەم دووبارەبوونەوەیەی وشەی سەروا لە شیعری سەبکی هیندیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت، لای حاجی قادریش ئەم دووبارەبوونەوەیەی سەروا لە شیعرەکانیدا بەرچاو و واتادارە.

لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە (تیلنیشان) لەو هونەرانەیە شاعیرانی سەبکی هیندی زۆر ئەنجامیانداوە و بە یەکێک لە سیما تایبەتییەکانی ئەدەبی سەبکی هیندی دادەنرێت. حاجی قادریش هونەری تیلنیشانی زۆر کردووە، هەروەک لەم نموونەدا دیارە:

**سنعەتێک فێر نەبوو لەپاش تەحسیل**

**سەیری چۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٩٨)

مەبەست لە (مەناهـ) شەریعەت و ئاینە و ئەو کار و کردەوانەی کە ئاین نایەوێ مرۆڤ بیکات.

**بەبێ دینی جەمالی بێ قەرینی**

**خەلایق سەربەسەر ئیمانی هێنا** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ٤٩)

(بێ قەرین) تیلنیشانە بۆ ئایەتی (... لیس کمثله شیء وهو السمیع البصیر ...) (الشوری ١١).

**ئەو ڕزقی موقەڕڕەڕە بە خۆی دێ**

**سەد دەفعە بخوازی یا نەخوازی** (حاجی قادر، ٢٧٠٧: ١٤٠)

ئەمەش تیلنیشانە بۆ ئەو قسە فۆلکلۆرییەی کە کورد گوتویەتی (ئەو ڕزقەی لە خوداوە بۆ کەسێکی دانابێت هەر پێیدەگات و کەس ناتوانێ ڕزقی کەس بخوات).

هەروەها تایبەتمەندییەکی دیکەی سەبکی هیندی لە ڕووی ئەدەبییەوە، بریتییە لە زۆری ژمارەی شیعری شاعیر. حاجی قادر لەو شاعیرانەیە ڕێژەی شیعری زۆرە و بە گشتی (١٢٦ شیعر)ی هەیە، کە بریتین لە (١١٢٠ دێرە شیعر) و ئەم ڕێژەیەش زۆرە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەم سەبکە لای حاجی ڕوون و ئاشکرایە.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1/ هەر سێ تایبەتمەندییەکەی سەبکی عێراقی لە ڕووی (زمانی، هزری و ئەدەبی)یەوە لە شیعرەکانی حاجی قادردا بە فراوانی ڕەنگیانداوەتەوە، وەك لە نموونە شیعرییەکاندا ڕوونکراونەتەوە، بۆیە حاجی بە پەیڕەوکەرێکی سەبکی هیندی ئەژماردەکرێت.

2/ تایبەتمەندییە زمانییەکانی سەبکی هیندی، وەکو (بەکارهێنانی وشەی نوێ و سادەکردنەوەی زمانی شیعری و زمانێکی بارگاوی بە پەند و ئامۆژگاری) لەلای حاجی قادر ڕەنگیداوەتەوە و نموونەی شیعری ئەم تایبەتمەندییانە لە دیوانەکەیدا زۆرە و ئەمەش پەیوەستبوون و پابەندبوونی حاجی بە سەبکی هیندی دەسەلمێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3/ لە ڕووی فۆڕمەوە زۆری ڕێژەی ژمارەی شیعر، کە تایبەتمەندییەکی سەبکی هیندییە، حاجی ڕێژەیەکی زۆری شیعری هەیە، کە ژمارەی شیعرەکانی (١٢٦ شیعر)ە و بە گشتی (١١٢٠ دێرە شیعر)ە.

4/ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، حاجی قادر بایەخێکی زۆری بە ناوەڕۆکی شیعری داوە لەسەر حسابی زمانی شیعری. بە جۆرێک زۆربەی هەرەزۆری ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی لە شیعرەکانیدا دەبینرێن. ئەمەش سیمایەکی دیاری سەبکی هیندییە.

5/ لە ڕووی هزرییەوە حاجی بە پێڕەوکەری سەبکی هیندی دادەنرێت، چونکە بەشی هەرەزۆری شیعرەکانی حاجی بە (بێزاری، بایەخدان بە ناوەڕۆک نەک زمانی شیعری، زێدەڕۆیی، ئاوڕدانەوە لە قسەی پەندئاسا و ئامۆژگاری)ین و ئەمانەش لە ڕووی هزرییەوە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی سەبکی هیندین.

6/ لە ڕووی ئەدەبیشەوە شیعرەکانی حاجی قادر سەر بە سەبکی هیندین و بە پێڕەوکردنی قالبی غەزەل و تاک بەیت، هەروەها بایەخێکی زۆری بە پاش سەروا داوە و خۆخەریککردن بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەتایبەتی (تیلنیشان)، تایبەتمەندییەکی تری سەبکی هیندییە، لە شیعرەکانی حاجیدا دەبیندرێن و ئەم تایبەتماندییانە بە شێوەیەکی فراوان و زاڵ بەرچاو دەکەون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ بە زمانی کوردی:

1. ئەحمەد، پەخشان علی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران. سلێمانی، ڕەنج.
2. پیرۆت و محمد، بارزان علی و هێمن جاسم (٢٠١٩)، ڕەنگدانەوەی سەبکی عێراقی لە شیعرەکانی حەریقدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.
3. خەلیل، زەینەب جەلیل (٢٠١١)، رەنگدانەوەی سەبکی عێراقی و هیندی لەشیعرەکانی نالیدا. زانکۆی سەلاحەدین.
4. شارەزا، کەریم (١٩٦١)، کۆیە و شاعیرانی، بەرگی یەکەم، بەغدا.
5. شێخ صالح، شێخ نوری (١٩٢٦)، ادبیات کوردی، اسلوب چیە. ژیان، ژمارە: چوار.
6. عەبدوڵا، ئیدریس (2012)، شێواز، هەولێر، منارە.
7. کاکی، حمە نووری عومەر (٢٠٠٨)، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. سلێمانی، تیشک.
8. گەردی، عەزیز (١٩٩٩). سەروا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
9. موکریانی، گیو (١٩٦٩)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چ٢، هەولێر.
10. موکریانی، هەژار (١٣٢٩)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، بەرگی دووەم. تاران.
11. میران و شارەزا، سەردار حەمید و کەریم مستەفا (١٧٠٧)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، شارە کتێبی میدیا، سنە.
12. ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٣)، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد. هەولێر، منارە، چاپ. دووەم.

### دووەم/ بە زمانی فارسی:

1. انوشە، حسن (١٣٧٦)، فرهنگ نامە ادبی فارسی (دانشنامە ادبی فارسی٢)، چاپ انتشارات.
2. بهار، محمد تقی (١٣٨١)، سبک شناسی یا تاریخ تطور نثر فارسی، زوار، چاپ: ١، تهران.
3. تاج خاتونی، سحر وفایی (١٣٩٣)، ویژە نامە نامە فرهنگستان (شبە قارە) سال دوم بهار و تابستان، شمارە 2.
4. الرازی، شمس الدین محمد بن قیس(١٢٧٣). المعجم فی معییر اشعار المعجم. بە کوشش دکتر سیروس شمیسا. تهران، فردوس.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. رزم ارا، مرتضی (١٣٨٤)، سبک هندی و جایگان ان در ادبیات فارسی، نامه پارسی، سال دهم، پاییز.
6. شمیسا، دکتر سیروس (١٣٧٠)، سیر غزل در شعر فارسی، انتشارات فردوس، چاپ. سوم، تهران.
7. شمیسا، دکتر سیروس (١٣٧٣)، کلیات شبک سناسی، انتشارات فیردوس، چاپ. دووم، تهران.
8. شمیسا، دکتر سیروس (١٣٨٦)، سبک شناسی شعر، میترا، تهران.
9. لنگرودی، شمس (١٣٧٢)، سبک هندی و کلیم کاشانی، نشر مرکز، تهران.

---

# The Reflection of Indian Style Characteristics in Haji Qadir's Poems

**Dr. Barzan Ali Pirot**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: barzan.pirot@uor.edu.krd

**Asst. Lect. Ibrahim Mohammed Ibrahim**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Ibrahim.mohammed@uor.edu.krd

***Keywords:*** *Style, Indian style, linguistic, intellectual and literary characteristics, Haji Qadir's poetry.*

## Abstract
This study is under the title of "The Reflection of Indian Style Characteristics in Haji Qadir's Poems", which attempts to identify concepts, terms, areas of work and how this type of style is reflected in literature. The Indian style emerged with the accession of Shah Ismail the Safavid in Iran. From the beginning of the tenth century to the middle of the eleventh century Alhijri, it was common in Iran, India and Asia for 150 years. The distinctive characteristics of this style have influenced poets and writers

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

from three perspectives: linguistic, intellectual and literary. The literature of the nations of the region in general and Persian literature in particular are divided into Khorasan, Iraqi and Indian styles. Style can be defined as characteristics (linguistic, intellectual and literary) that are common in a certain period and followed by poets.
Regarding the reflection of this style in ancient Kurdish literature, it came into Kurdish literature under the influence of Persian literature and poets, and Kurdish poets followed this kind of style, in which the reflection of the Indian style in the poetry of poets in general and for Haji Qadir is significant and meaningful. The paper aims to demonstrate and reflect the characteristics (linguistic, intellectual and literary) of this style in Haji Qadir's poems, based on the evidence and methodological arguments that he followed in his poems. The study employs a descriptive-analytical method and shows that all three prominent features of Indian style (linguistic, intellectual and literary) are clearly expressed in his poems. Linguistically, the use of new words, simplification of language and loading of language and recharging with proverbs and advice, a large number of poems by the poet, great attention to poetic content at the expense of poetic language are all significant in his poetry. Intellectually, he paid attention to boredom, pessimism and exaggeration of the subject in his poems. In terms of literary form, he paid attention to the poetic form of ghazal, single verse, rhythm and rhyme, and the art of rhetoric in his poems.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# انعكاس خصائص السبك الهندي في أشعار الحاج قادر


## ملخص :

هذا البحث المعنون (انعكاس خصائص السبك الهندي في أشعار الحاج قادر) محاولة لتعريف المفاهيم والمصطلحات ومجالات العمل وكيفية انعكاس هذا النوع من السبك أو النمط في الأدب. ظهر النمط الهندي حين تقلد الشاه إسماعيل الصفوي زمام الحكم في إيران. و ذلك من بداية القرن العاشر إلى أواسط القرن الحادي عشر الهجري، حيث شاع في إيران والهند وآسيا الصغرى لمدة 150 عاماً. وقد أثرت الخصائص المميزة لهذا النمط الشعري في الشعراء والأدباء من الجوانب (اللغوية، والفكرية، والأدبية). وينقسم أدب شعوب المنطقة بشكل عام والأدب الفارسي بشكل خاص من حيث الأسلوب أو السبك إلى السبك الخراساني والعراقي والهندي. والمقصود بالأسلوب إذا عرّفناه فهو الخصائص (اللغوية والفكرية والأدبية) التي شاعت في فترة من الفترات والتزم بها الشعراء.

وفيما هو يتعلق بانعكاس هذا الأسلوب في الأدب الكوردي القديم، فقد تأثر الأدب الكوردي بالأدب الفارسي، وعليه فقد اتبع شعراء الكورد عامة هذا الأسلوب والشاعر حاج قادر بشكل خاص، الذي يتميز بوجوده الجلي وحاملا للدلالة في شعره. ويهدف هذا البحث إلى إظهار وكشف الخصائص (اللغوية، الفكرية، الأدبية) لهذا الأسلوب في أشعار الحاج قادر، استناداً إلى الأدلة والحجج المنهجية التي اتبعها في أشعاره. والمنهج المتبع في الدراسة هو المنهج الوصفي التحليلي. وكانت نتائج الدراسة هي: ظهور السمات الثلاثة المميزة للأسلوب الهندي (اللغوي والفكري والأدبي) بشكل واضح في أشعاره، باستخدام الكلمات الجديدة لغوياً وتبسيط اللغة الشعرية وشحن اللغة بالأمثال والنصائح، في عدد ليس بقليل من أشعاره. والى جانب ذلك اهتمام الشاعر بالمحتوى الشعري على حساب اللغة الشعرية، والاهتمام فكريا بالملل والتشاؤم والمبالغة في الموضوع الشعري في قصائده، أما من حيث الشكل الأدبي، فكان اهتمامه منصبا بالاشكال الشعرية (الغزل والبيت الواحد) والروي والفن البلاغي التلميح.